# پێنج ساڵ پاش ڕووداوەکانی 11ی سێپتەمبەر
# خوێندنەوەیەکی مێژوویی بۆ تیرۆریزم و فۆرمەکانی تیرۆریزم..

پارێزەر/ هەڵکەوت حیکمەت مەلاعلی
سوێد



پێشەکی..

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بە شێوەیەکی بەرفراوان باس لە کۆنسێپتی تیرۆریزم دەکرێت ئەمەش هاوکاتە لە تەك ئەو ڕووداوە تیرۆریستیانەی کە ئەمڕۆکە ڕوو دەدەن و بووەتە بەشێك لە ژیانی کۆمەڵگەگەلێکی خەلکی لە پانتایەکی بەرفراواندا. باس کردن لەم بابەتە زیاتر ئامانج لە کرۆکە مێژوویەکەیەتی کە خەلکانێکی تا ڕادەیەکی زۆر و بەرچاو زانیاریان لەم چوارچێوەیەدا نیە یان پیان نەگەیشتەوە کە چۆن تیرۆریزم خودان مێژوویەکی دوورودرێژە لە مێژووی مروڤایەتیدا. لە گەڵ ئەوەشدا تیرۆریزم ڕەهەندی ئابووری و سیاسیشی هەیە.

تیرۆریزم خۆی لە چەند جۆردا دەبینێتەوە کە بریتین لەم جۆرانە:

**یەکەم ، تیرۆریزمی دەوڵەتی**، کە ڕووبەڕووی هەندێ دەوڵەت دەبێتەوە ئامانج تێدا تیرۆر کردنی کەسانی سیاسی خاوەن پلەوپایە یان بەڕیوەوبەرانی دەسەڵاتی دەوڵەتی.

**دووەم، تیرۆریزمی نێودەوڵەتی**، ئەم فورمە لە لایەن کۆمەڵە ڕیکخراو و گرووپەوە ئەنجام دەدرێت کە ئامانجیان سنوورەکانی دەرەوەی وولاتی خۆیانە، جگە لەمەش گەورەترین مەبەستیان ئەوەیە کە هۆشداریەکی نێودەوڵەتی بدەنە هەمووان و خۆیان لە چۆارچێوەیەکی نێودەوڵەتیدا بەرجستە بکەن. لەو کردارە تیرۆریستیانەی کە ئەنجامی دەدەن، تەقاندنەوەی فڕۆکە، بە بارمتە کردن و کۆشتنی هاوڵاتیان جگە لەمەش کرداری دەستبەسەرداگرتنی ئەو شۆینانەی کە جێگەی گرنگ و بایخن.

**سێهەم، تیرۆریزمی نەتەوەیی**، ئەم شێوە لە تیرۆریزم لە نێوخۆی وولاتدا ڕوو دەدات کە ئامانجیان گۆڕینی حالەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیە لە وولاتدا، کە لە زۆر وولاتدا ڕوو دەدات.

**چوارەم، تیرۆریزمی ئایینی**، کە لە ڕابردوودا وەك جەنگێکی پیرۆز( مقدس) پێناسە دەکراو و بڕوایان وا بووە کە ئەم کارەیان لە پیناوی یەزداندا کردەوە، لەم حالەتەدا تیرۆریستەکان گرنگ نیە لایان چەند کەس دەبێتە قوربانی بەڵکو تەنها مەبەستیان ئەوەیە ئەوانەی کە هەڵگری هەمان بیرۆباوەڕی ئەوان نین بکوژرێن.

**پێنجەم، تیرۆریزمی گشتییە**، کە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لە نێو هاوڵاتیاندا ئەمەش نەك تەنها لە ڕووی فیزیکەوە کاریگەری خۆی دەبێت بەڵکو تەنانەت لە ڕووی دەرونیشەوە کاریگەری خۆی بە جێ دەهێلی، لەم حالەتەدا تیرۆریستەکان دەیانەویت بە هەر شێوەیەك بێت بگەنە دەسەڵات و ئارەوزوو ویستەکانیان جێبەجێ بکەن.

مێژوویی تیرۆریزم، تیرۆریزم مێژوویکی فراوان و ڕابردوویکی دورودرێژی هەیە، یەکەم گرووپی تیرۆریستی کە دروست بوو پێك هاتەبوو لە کۆمەلیك جولەکە کە ئامانجیان پاراستنی ئایینەکەیان بوو جگە لەوەش تێکۆشانیان دەکرد دژ بە دەسەڵاتدارانی ئەو کاتە، ئەم گرووپە تیرۆریستیە ناوی سێلوتێرنا واتە حەماسیەکان لە خویان نابوو ئەم گرووپە گرووپێکی ئەکتیف بوون بەڵام لەو سەردەمەدا بابەتێك نەبوو بە نێوی کۆنسێپتی تیرۆریزم ئەگەر چی دەتوانرێت ئەمڕۆ بە پیێ ئەو پێناسەییەی کە بۆ تیرۆریزم کراوە ئەم گرووپە بە تیرۆریزم ناوزەد بکرێت. ئەم گرووپە لە تەك تێپەڕینی زەمەندا گەشەیان سەندو وە لە بازنەیەکی ڕیکخراوەیی چوونە دەرەوە بوونە پارتێکی سیاسی و پەرەیان بە ئامانجەکانیان دا نەك تەنها لە بازنەی ئایینی دا بەڵکو هەوڵیان دەدا و تێ دەکۆشان کە کاریگەریان هەبێت لە سەر بڕیارە سیاسیەکانی وولات. پێش هاتنی مەسیح ئەم گرووپە دژ بە دەسەڵاتی ڕومەکان کە ئەو کات ناوچەیەکی بەرفراوانی دەریای ناوەڕاستی لە دەست دا بوو بەرگریان کرد بەڵام پاش هاتنی مەسیح ئەم گرووپە دەستیان کرد بە ڕفاندن و بە بارمەتە کردنی هاوڵاتیان، هەر ئەم گرووپە لە سالی حەفتای زاینی دا پەرستگەی قودسیان ڕووخاند. ئامانجی هەرە مەزنی ئەم ڕیکخراوە ئەوە بوو کە چۆارچێوەیەکی نێونەتەوەیی گشتی لە خۆ بگرن هەر بوویە زۆر جار کردارە تیرۆریستیەکانیان لە یادە گشتیەکاندا ئەنجام دەدا. پاش چەند سالێك ئەم ڕیکخراوە دوای ئەوەی بێ ئومێد بوون و نەیانتوانی بگەنە ئارمانجەکانیان وە هێچ جۆرە ڕیگایەك نەمابوو بۆ خۆ رزگار کردن بوویە بە تێکرا کە بە پیێ هەندێ سەرچاوە ژمارەیان نزیکەی نۆسەدو شەست کەسێك بووە خۆیان کوشتەوە وە ئەم کردارەشیان لە ڕیگەی خۆ تەقاندنەوە بووە.

سەدەی دوازدەهەم هاوكات بوو لە گەڵ دەركەوتنی كۆمەڵێكی دیكەی تیرۆریستی كە بە ئاساسینیرەكان واتە ئەوانەی كە هاوڵاتییان بەرامبەر بە هەندێ پارە دەكووشت ئەمانە لە تایفەیەكی میسری ئیسماعیلی پێكهاتەبوون كە باكگراوندێكی شیعیان هەبوو كە لە لایەن حەسەنی كۆڕی سەباحەوە سەركردایەتی دەكراو بارەگای سەرەكیان لە ئێران بوو، ئەم تائیفە ناوی (الدعوی و الجیهاد) یان لە خۆ نابوو. حەسەنی كۆڕی سەباح دەژی بزوتنەوەی ئیسماعیلیەكان بوو بەرامبەر ئەوەی كە بزوتنەوەكە المو‌ستالی وەك خەلیفەی قاهیرە دەستنیشان كرد چونكە حەسەنی كۆڕی سەباح پشتگیری لە نزاری برای الموستالی دەكرد كە پاشان لە ڕووداویكی تەماوی وئاڵۆزدا سەرنگوون كرا، ئەم گرووپە پێكهاتەی چەند جۆر بیروڕای جیاواز بوون ئەمانە خاوەنی هێچ جۆرە ئایدیایەكی سیاسی نەبوون، ئامانج و كاری ئەم كۆمەڵەیە كوشتنی كەسانی شەركەری مۆنگولی بوو كە ئەو كات مۆنگولیەكان فەرمانڕەوایی ئەو ناوچانەیان لە دەست دابوو كە ئەمڕۆ بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسراوە. یەكیك لە گرنگترین پلانە ستراتیژیەكانی ئەم كۆمەڵەیە ناردنەدەرەوەیی ئەندامەكانیان بوو بۆ دەرەوەی سنوورەكانی خۆیان بە مەبەستی ڕاكیشان و قەناعەت پێكردنی خەلكانی دیكە بە تایبەتی ئافرەتان ئەویش بە ناوی بازرگانی كردنەوە، ئەم ئەندامانە بە جۆرێك مێشكیان شۆرابویەوە كە ئامادە بوون بۆ هەر جۆرە كرداریكی خۆكوژی وە لە بەرامبەردا حەسەنی كۆڕی سەباح كە سەركردەیان بوو بەڵینی بەهەشتی پێ دابوون، ئیستا ژمارەیەك لەم كۆمەڵیەیە ماوەن و نیشتەجێ وولاتی هیندستانن.

سەدەی هەژدەهەم بە سەرەتا و بنەمای تیرۆریزمی مۆدێرن دادەنرێت چونكە هاتنی شۆڕشی فەرەنسی گۆڕانی لە دیدی تیرۆریزمدا كرد، چونكە حكومەتی فەرەنسی لەو دەمەدا ڕەوایی دەبخشی بە كرداری تیرۆریستی وەك ئامڕازیكی سیاسی، هەر لەو سەردەمەدا بوو دەوڵەت ڕێگای دا كە چل هەزار هاوڵاتی لە سێدارە بدرێت یان بكوژرێت لە ماوەی یەك ساڵدا، هەر لە سەدەی هەژدەهەمدا بوو كە كۆمەلیكی زۆر كرداری تیرۆریستی ترسناك بەرامبەر بە هەر یەك لە پیاوانی ئایینی مەسیحی، كاربەدەستانی دەوڵەت، بازرگانەكان، پۆلیس، كەسایەتیە سیاسیەكان هتد ئەنجام درا لە لایەن میشل باكۆنین، میشل كە لە خانەوادەیەكی دەوڵەمەندی ڕووسیا بوو و خاوەن ئایدیایەكی ڕادیكالی تۆندڕەوی بوو وە تاوانبار بوو بە هەموو ئەو كردەوە تیرۆریستیانەی كە لە نێوخوی رووسیاداو ئەوروپا بە گشتی ئەنجامدرا بوو، میشل باكۆنین بە هاوكاری و پشتگیری هاوڕیەكانی توانیان ڕیكخراویك بە نێوی ڕێكخراوی خاك و ئازادی دروست بكەن ئەم كۆمەڵەیە لە ماوەیەكی زۆر كورتدا توانیان لە هەموو خاكی وولاتدا شۆین و پێگەی خۆیان جێگیر بكەن و سنووری كردەوە تیرۆریستیەكانیان كرداره تیرۆریستیەكان بەرفراوانتر بكەن. پاشان ئەم ڕیكخراوە لە سالی 1879 دا بەش بەش بوو بۆ چەند بەشێك بەلام كۆمەڵیك لە ئەندامانی ڕیكخراوەكە گرووپێكی نۆیان بە ناوی خواستی هاوڵاتیان پێكهێنا، یەكەم كردەوەی تیرۆریستی ئەم گرووپە تیرۆر كردنی قەیسەری ڕووسی ئەلكساندەری دووەم بوو كە پاشان بووە هۆكاری پتر بوونی كردەوەی تیرۆریستی ترس وتۆقاندن نەك تەنها لە نێوخۆدا بەلكو لە هەموو ئەوروپادا.

سەدەی نۆزدەهەمیش بێبەش نەبوو لە ڕووداوگەلێكی تیرۆریستی و پێكهێنانی ڕیكخراوی تیرۆریستی، ئەم ڕووداوانە وولاتانی وەك سوێد كە یەكەم كردەوەی تیرۆریستی نامەیەكی بۆمبڕێژكراو بوو كە ئامانج تێدا تیرۆر كردنی كەسایەتی داهێنەر كارل فریدریك لۆندین بوو كە لە ئەنجامدا بووە هۆی لە دەست دانی هەر دوو دەستەكانی. لە سالی 1914 گەورەترین كردەوەی تیرۆریستی لە وولاتی نەمسا ڕووی دا كە تێدا جێ نشینی پاشای نەمسا فرانزفێردیناند لە لایەن گرووپی تیرۆریستی دەستی ڕەش تیرۆر كرا، ئەم گرووپە هەر وەك ڕیكخراوی ئاساسینیرەكان مێتۆدی هاوڵاتی تیرۆركردن بەرامبەر بە مال وسامانیان جێبەجێ دەكرد وە هەر ئەمەش فاكتەر بوو بۆ هەلگیرساندنی جەنگی جیهانی یەكەم. سالانی 1920 و1930 قۆناغی پەرەسەندنی ئایدیای نازیزم بوو لە ئەلمانیادا، ئامانجی نازیزستەكان تیرۆر كردنی خەلكانی جولەكە بوو.

ڕەهەندی ئابووری و سیاسی تیرۆریزم...

ڕەهەندی ئابووری..كاتێك وولاتێك ڕووبەڕووی هێرشی تیرۆریستی دەبێتەوە ڕاستەوخۆ كاریگەری لە سەر باری ئابووری ئەو وولاتە دەكات بۆ نمونە وویلایەتەیەكگرتووەكانی ئەمریكا كاتێك ڕووبەڕووی ئەو هێرشانە بوویەوە لە 11ی سێپتەمبەری 2001 دا ئابووری وولات لە دۆخی جارانی نەما تەنانەت ترسی ئەوە هەبوو كە وولات گیرۆدەی قەیرانی ئابووری ببێتەوە، بێگومان دروست بوونی هەر جۆرە ئەزمەیەكی ئابووری لە ئەمریكا كە بە مەكینەی ئابووری جیهان دادەنرێت ڕاستەوخۆ كاریگەری خۆی دەبێت لە سەر ئابووری هەموو جیهان بە گشتی.

وویلایەتەیەكگرتوەكانی بە درێژایی مێژووی لە ماوەی دووسەد ساڵدا بۆ یەكەم جار بوو كە ڕووبەڕووی جۆرە قەیرانێكی ئابووری لەو شێوەیە ببێتەوە.

ڕەهەندی سیاسی.. وەك لە پێشتر ئاماژەمان پێدا لە ڕابردوودا هەموو هەوڵ و تێكۆشانی ڕیكخراو و گرووپە تیرۆریستیەكان دەژ بە دەسەڵاتداران و سیستەمی سیاسی وولات بوو بۆ ئەوەی بتوانن لەو ڕێگەیەوە بگەنە لوتكەی دەسەلات و ئەو بەرنامەیی كە هەیان بوو جێبەجێ بكەن نمونەمان گرووپی سێلوتیرەكان واتە حەماسیەكان بوو كە ئەوكات دەژی دەسەڵاتی ڕومەكان بوون، ئەم ڕیكخراوە ئەگەرچی لە ڕبردوودا بە ڕیكخراوێكی تیرۆریزمی ئایینی ناسراو بوون ئەوا لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا وەك تیرۆریزمی دەوڵەتی دەناسرێن چونكە ئامانجیان گۆڕینی سیستەمی سیاسی وولات بوو.

ڕووداوەکانی یازدەی سێپتەمبەر 2001 گۆڕانی بنەڕەتی لە سیاسەتی گشتی جیهانیدا دروست کرد بە شێوەیەك کە دەتوانین بڵێن ڕووانگە نێگەتیڤیەکانی گەلێك زیاتر بوو لە ڕووانگە پۆزەتیڤیەکانی، هەر بۆیە ئەمڕۆ تیرۆریزم و چەمکی تیرۆریزم بابەتێکی بنچینەی و گرنگی نێو مەیدانی سیاسی جیهان پێکدەهێنیت و لە زۆر وولاتانی زلهیزی جیهان ئەولەویەتی پێ بەخشراوە.لە کۆتاییدا پرسیارێك دروست دەبێت ئەویش ئەوەیە ئایا تیرۆریزم تا چەند سنوورەکان تێ دەپەڕێنێت و چۆن کۆتایی بە تیرۆریزم دێت.

-----------------------------------------------------

سوود لە پەرتووکی نوسەرو ڕۆژنامە نوسی ناسراوی سوێدی بیۆرن کوم
Terrorismens historia وەرگیراوە.